STARTTS

[OTH-7265]
SWSAHTU: 602
KURDISH
February 2004

# خزمەتی (NSW) بۆ چارەسەرکردنو دووبارەئامادەکرنەوەی کەسانی رزگاربوو لە ئازارو ئەشکەنجە، ستارتس (STARTTS)

The NSW Service for the Treatment and Rehabilitation of Torture and Trauma Survivors (STARTTS)

## 1 ـ ستارتس چیە؟

ستارتس خزمەتێکی بەخۆڕاییە کە پشتیوانی پێشکەش بەخەڵکانێك دەکا کە پێشینەی پەنابەرییان هەیەو لەوانەیە لە وڵاتەکەی خۆیان توشی ئازارو ئەشکەنجە هاتبن. ئەو کەسانەی لە ستارتس کاردەکەن یارمەتی ئەو خەڵکانە دەدەن کە وەك پەنابەر هاتونەتە ئوستراليا، بە چەندان سیمای جیاجیاوە کە لە ژیانیان لە وڵاتە نوێکە پێکدێنێت.

ژیان بەسەربردن  لەناو شەڕوشۆر زۆرجار ئەزمونێکی ترسناکەو خەڵکان دەکرێ کاردانەوەی جیاجیا بەخۆوە ببینن. هەندێجار کەسەکان لەوانەیە بۆیان نەکرێت بیر لەو شتە ترسناکانە نەکەنەوە کە رویانداوە. لەوانەیە دێوەزمە (کابوس) ببینن یان وێنەی وا بێتەوە پێش چاویان کە روداوە ترسناکەکانیان بە بیر دەهێنێتەوە. لەوانەیە واهەست بکەن کەوا جارێکی دیکە لەناو ئەو دیمەنە ترسناکانەی رابردویاندا دەژیین. هەندێجار کەسەکان بەڕاستی گرفتی خەولێکەوتنیان هەیە، لەوانەیە هەست بە گرژی بکەنو بێتاقەت ببن یان لە رادەبەدەر غەمبار بن. ئەوە زۆرجار کاردەکاتە سەر کەسەکانی دەوروبەریشیان، وەك ژنەکانیان/مێردەکانیان یان منداڵەکانیان.

## 2 ـ ستارتس دەتوانێ چ بۆ ئێمە بکات؟

زۆر لەو خەڵکانەی کە وەك پەنابەر هاتونەتە ئوستراليا لە رابردودا بە ئەزمونی ناخۆشدا تێپەڕیونو لە وڵاتە نوێکەیان دوچاری زۆر بارودۆخی وا دێن کە زەحمەتە تێیانبگەن یان بەسەریاندازاڵبن. هەندێجار ئەو گرفتانە پەیوەندیان بە کاروبارەکانی خێزانەوە هەیە، هەندێجار پەیوەندیان بە کاروباری تەندروستی دەرونی، عاتیفی یان بەدەنیەوە هەیە. هەندێجار پەیوەندیان بەو شتانەوە هەیە کە لە رابردودا رویانداوەو ئێستاکانەش کاردەکەنە سەر کەسەکە.

خەڵکانی سەر بە فەرهەنگە جیاکان، یارمەتیدەری جیاوازیان هەیە کە بچن بۆ لایان تاوەکو رێوشوێنیان نیشانبدەنو پشتیوانیان لێبکەن ئەگەر هاتو نیگەران بوون یان بیانەوێ کێشەیەك یەکلابکەنەوە یان بڕیارێك بدەن. بۆنمونە، یارمەتیدەرەکە لەوانەیە پیاوماقولێکی خێزانەکەیان بێت یان ئەندامێکی کڵێساکەیان بێت. لەوانەیە کاتێك کە دێن بۆ ئوستراليا چیدیکە نەتوانن پەنا بۆ ئەو یارمەتیدەرانەی پێشو بەرن، لەبەرئەوە خەڵکەکان دەبێ ڕێگای نوێ بدۆزنەوە بۆ یارمەتی وەرگرتنو تێگەیشتنو زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتانەی کە دێنە پێشیان. ستارتس کەسانی یارمەتیدەری زۆر هەن، هەندێجار پێیاندەگوترێ راوێژکار (counsellors) کە خەڵکەکان دەتوانن دەربارەی گیروگرفتو نیگەرانیەکانیان قسەیان لەگەڵدا بکەن. ئەو راوێژکارانە لەوانەیە بتوانن نیگەرانی خەڵکەکان یەکلا بکەنەوە، یان بیاننێرنە لای کەسانێکی دیکە کە بتوانن چاکتر یارمەتیان بدەن. راوێژکارەکانی ستارتس راهێنراونو خاوەن ئەزمونن لە یارمەتیدانی خەڵك بۆ تێگەیشتنو زاڵبوون بەسەر کاریگەرییە دەرونیەکانو عاتیفیەکانی ئاکامی شەڕو ململانێ. کارمەندەکانی گەشەپێدانی کۆمیونیتی لە ستارتس راهێنراونو خاوەن ئەزمونن لە یارمەتیدانی کۆمیونیتیەکان بۆ دابینکردنی ئەو چاوگو زانیارییانەی کە لەوانەیە یارمەتیان بدەن تا بەهێزترو یەکگرتوتربن لەو کۆمەڵگایە نوێیەی کە تێیدان، هەروەها زیاتر توانای تێگەیشتنو یارمەتیدانی یەکدیشیان هەبێت.

دانیشتن لەگەڵ کەسێك لە سارتس رووبەروو هەلێکی وا بۆ خەڵك دەرەخسێنێ کە بە نهێنی قسە لەگەڵ کەسێك بکەن دەربارەی ئیحساساتەکانیان لە ئاکامی تێپەربونیان بە بارودۆخی شەڕدا. هەندێك کەس دەڵێن دەترسین یان شەرمدەکەین کە لەگەڵ کەسێکی خێزانەکەیان باس لەو شتە ترسناکانە بکەن کە پێیدا تێپەڕبوون یان دیویانە، وە ناشتوانن بیر لەو بیرەوەریانە نەکەنەوە کە کەڵەکەی کردوە لەسەریان. قسەکردن لەگەڵ کەسێك لە ستارتس کە پرۆفێشناڵانە راهێنراوە بۆ یارمەتیدان، لەوانەیە فشاری مامەڵەکردن لەگەڵ ئیحساساتە گرژەکان کەمکاتەوە، لەوەی بەتەنیا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.

گروپەکانی ستارتس خەڵکەکان کۆدەکەنەوە سەر یەك بۆ یارمەتیدانی یەکدی، فێربوون دەربارەی کاریگەرییەکانی ژیان بەسەربردن لەناو توندوتیژیدا، زۆرجاریش دەبێتە مایەی کەیفو زەوق وەرگرتن. ستارتس گروپی وا بەڕێوەدەبا کە

چالاکیەکانی کاری دەست، پێکەوە دەرچون، بەدەستهێنانی زانیاری پراکتیکی لەسەر خزمەتەکانی نیشتەجێبوون‌و ئیسراحەتکردن، هەروەها دابینکردنی شانسی فێربوونی شارەزایی نوێ، دەگرێتەخۆ. خەڵکەکان پێمان دەڵێن ئەو گروپانە یارمەتیمان دەدەن لە هەستکردن بە ئیسراحەتکردن‌و پشتیوانی، هەروەها هەلی ئەوەیان بۆ دەرەخسێ کە برادەری نوێ پەیدا بکەن. ستارتس سەفرەش بۆ گەنجان رێکدەخا کە زۆر کەس حەزیان لێیەتی.

کارمەندانی ستارتس بۆ ناسینی خەڵك لە کۆمیونیتیە جیاکان کاتی زۆر بەسەردەبەن. کۆمیونیتیە جیاکان پێویستی جیاجیایان هەیەو لە رێگای جیاوازەوەش شتەکانیان جێبەجێ دەکەن. هەتا زانیاری زیاترمان لەسەر پێویستیەکانی کۆمیونیتیەکەی ئێوە هەبێت، چاکتر دەتوانین یارمەتی پراکتیکیانەو سودبەخشانە پێشکەش بە ئێوە بکەین. ستارتس بەشداری کۆبونەوەکان‌و سەکۆکانی گفتوگۆو چالاکیەکانی کۆمیونیتیەکان دەکا. ئێمە یارمەتی کۆمیونیتیەکان دەدەین لە دەستنیشان کردنی پێویستیەکانیان، پاشانیش بۆ دابینکردنی ئەو پێویستیانە کۆمەکیان دەکەین.

## 3 ـ کەی دەتوانین‌و کەی پێویست دەکا پەیوەندی بە ’ستارتس‘ـەوە بکەین؟

چەندان ئەزمونی گشتی هەن کە دەکرێ ئەو کەسانەی وەك پەنابەر دێنە ئوستralیا دوچاری بن. لەوانەیە زۆر هەست بە نیگەرانی بکەن. لەوانەیە کێشەی لەبیرچونەوەی شتەکانیان هەبێت یان هەست بە ئاڵۆزی‌و تورەبوون بکەن کاتێك کە نایانەوێت شتەکانیان بەبیر بێتەوە. لەوانەیە زۆر غەمبار بن‌و نەتوانن بیر لە شتە غەمگینەکان نەکەنەوە یان تورەبن یان دڵتەنگ بن. لەوانەیە لەماڵەوە گیروگرفت‌و شەرەچەقەیان زۆر بێت. هەندێك کەس وا هەست دەکەن کە چیدیکە ناتوانن کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتەکانی خۆیان بکەن، بۆ کۆنترۆڵکرن پێویستیان بەیارمەتی کەسانی دیکە هەیە. هەموو جۆرە شتێك.

ئەو جۆرە هەستکردنانە کاردانەوەی روداوە ترسناکەکان‌و بەرخوردی نۆرماڵن بۆ حالەتە ترسدارەکان. ئەگەر کەسانێك پێیانوابوو کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە ئیحساساتانە یان حالاتی عاتیفی وا کە حەزی لێناکەن یان تێیناگەن ئەوا دەتوانن پەیوەندی بە ’ستارتس‘ـەوە بکەن.
ئەگەر تووشی هەر ئەزمونێك لەوانە هاتی یان ئەوانەی لەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد وەك بینینی کابوس لە خەوا، خەو لێنەکەوتن، بیر دەربارەی ئەزمونە ترسناکەکان کە هەر بەردەوامن‌و لە یەخەت نابنەوە، ئەو وێنانەی لە خەیاڵتدان لەسەر شتە ترسناکەکان یان هەستت بە غەمباری، پوچی یان گرژی‌و تورەبوون کرد، ئەوا قسەکردن لەگەڵ کەسێك لە ستارتس لەوانە یارمەتیت بدات.

بوونی ئەزمونی ئەشکەنجەدان‌و پەرێشانی لە رابردوو دەکرێ کاریگەری گەورەی لەسەر مرۆڤ هەبێت. هەندێجار ئەو کاریگەریانە درێژە دەخایەنن. هەندێجار کاریگەری ئەزمونەکانی رابردوو لەوانەیە کارنەکاتە سەر کەسەکە تا چەندان ساڵ دوای روداوەکە. سەرەڕای ئەوە، ئەگەر کەسێك دیتی کە رابردووی ژیانی ئێستاکانەی زەحمەتکردوە، ئەوە قسەکردن لەسەری لەگەڵ کەسێك لە ستارتس لەوانەیە زۆر یارمەتیدەر بێت .

## 4 ـ چ رودەدا ئەگەر تەلەفۆن بۆ ستارتس بکەین؟

ئەگەر بەخۆت تەلەفۆن بۆ ستارتس بکەی، ئەوا پرسگەکەمان تەلەفۆنەکەت دەداتە فەرمانبەری وەرگر (Intake Officer) لەلای ئێمە. هەندێك زانیاریت لێوەردەگرێ‌و لەوانەیە پرسیارت دەربارەی ئەزمونەکانت لەو وڵاتانەی لێیەوەهاتوی لێبکا، کەی‌و چۆن هاتیە ئوسترالیاو ئێستا لە ئوسترالیا هەست بە چ دەکەی.

## 5 ـ ئایا چوون بۆ ستارتس هیچ پارەی تێدەچێ؟

نا، ستارتس خزمەتێکی بە خۆڕاییە. تەنانەت پرۆگرامی گروپەکانیش هەر بەخۆڕاییە.

## 6 ـ چی رودەدا ئەگەر هیچ کەسێك لەوێ نەبوو کە بە زمانی من قسە بکات؟

زۆربەی کارمەندانی ستارتس دووزمانزانن (bi- lingual). موتەرجیم هەن بۆ ئەو زمانانەی کە کارمەندێکمان نەبێ ئەو زمانە بزانێ. کارمەندانی ستارتس راهێنراون لەسەر بەکارهێنانی موتەرجیم. لەوانەیە لەسەرەتا تۆزێك سەیر بێت کە لە پێش موتەرجیم قسە لەگەڵ کەسێکی دیکە بکەیت لەسەر مەسەلە تایبەتیەکان، بەڵام خەڵك پێمان دەڵێن کە زۆر ناخایەنێت لە بوونی موتەرجیم رادێین. هەموو موتەرجیمەکان باوەڕپێکراون‌و زانیارییەکان بە نهێنی رادەگرن. دەشتوانی پەیوەندی بە

ستارتس بکەی لە ڕێگەی خزمەتی تەرجمەی تەلەفۆنی (Telephone Interpreter Service). تەلەفۆن بۆ 131450 بکەو داوای مەتەرجیمی کوردی بکە.

## 7 ـ هەندێك کەس دەڵێن چوون بۆ لای خزمەتگوزارییەك بۆ ئەوی یارمەتیت بدات لە روی تەندروستی دەرونیەوە مانای ئەوەیە کە شێتی. ئایا ئەمە راستە؟

نا بە هیچ شێوەیەك. ئەوە ئاساییە کە هەندێك کەس کاردانەوەی بەهێزو پەرێشانکەریان بەرامبەر بە ئەزمونی توندوتیژیو شەڕ هەیە. پاشان، ئەوانە حالاتی ناسروشتینو لەرادەبەدەر ترسێنەرن. ئاگالەخۆبوونو وەرگرتنی ئەو یارمەتیانەی کە پێویستت پێیەتی زۆر گرنگن بۆ هەست بە چاکترکردنو بەهێزتر بوون. کە قسە لەگەڵ راوێژکارێك دەکەی ئەو کاردانەوانە وردەوردە لەگەڵ زەمەن گرژیان کەمتر دەبێتەوە، هەروەها زیاتر هەست بەوە دەکەی کە کۆنترۆڵی خۆتو ژیانی خۆت دەکەی.

## 8 ـ ستارتس چی کردوە بۆ کۆمیونیتیەکانی پەنابەرانو چۆن ستارتس دەتوانێ یارمەتی کۆمیونیتیەکەی ئێمە بدات؟

تێپەڕبوون بەناو توندوتیژیدا کاریگەری گەورە دەکاتە سەر کەسەکانو خێزانەکانو کۆمیونیتیەکەیان. لە ئوستراليا، کۆمیونیتیەکانی پەنابەران پەرشوبلاون، گومانیان لەو خزمەتانە هەیە کە پەیوەندیان بە حکومەتەوە هەیەو بەشێکی زۆر لە ململانێ ناوخۆییەکان دەگرنەخۆ. لەوانەیە پێکهاتەی رەسمیان بچوك بێت، لەبەرئەوە خەڵك وا هەست ناکەن کە دەنگێکیان هەبێت لەناو کۆمیونیتیەکەیان، یان کۆمیونیتیەکە توانای ئەوەی هەبێت کاریگەرانە ڕێگەخۆش بکات کە خزمەتەکان بۆ قازانجی ئەندامەکانی دابین بکرێن. سەرەڕای ئەوە، گرنگە کە ئاگادارببین لەوەی کە ئەو گومانو دابەشبوونانە لە ئاکامی جیاوازی خسڵەتە فەرهەنگیو ئاینییەکانی نێو کۆمیونیتیەکەوە نیە. ئەوانە لە ئاکامی کارتێکرنەکانی ئەشکەنجەو توندوتیژی لەلایەن دەوڵەت ڕێکخراوەوەیە.

**ستارتس بە گشتی لە سێ ڕێگاوە لەگەڵ کۆمیونیتیەکان کاردەکات:**

1. گەشەپێدانی تۆڕی کۆمەلایەتی ـ وەك: لە ڕێگەی کامپ بۆ گەنجەکانو یارمەتی کۆمەلایەتیو جۆرەکانی دیکەی گروپ بۆ دایکانوباوکان، گەنجەکان، ژنانو پیاوان. {پرۆگرامی خێزانەکان لە قۆناغی گۆرانی فەرهەنگی (Families in Cultural Transition –FICT- Program)}.
2. پتەوکردنی کۆمیونیتیەکانی پەنابەران ـ وەك: لە ڕێگەی کۆمەك بۆ دامەزراندنی پێکهاتەیان، پەروەردەی کۆمیونیتی، پەیوەندی کۆمیونیتی، راگۆرینەوەو ژمارەیەکی زۆر لەو پرۆژانەی کە بەتایبەتی لەلایەن کۆمیونیتیەکەوە دەستنیشان دەکرێن.
3. وا لە کۆمەڵگا سەرەکیەکەو دامودەزگاکانی بکرێن کە کۆمیونیتیەکانی پەنابەران چاکتر دەستیان پێیان بگات ـ وەك، لە ڕێگەی پشتیوانی، راهێنان، راوێژکاریو ورياکردنەوەی کۆمەڵگا سەرەکیەکەو دامودەزگاکان.

بۆ پەیوەندی کردن بە ستارتس، تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارەیە بکە: 1900 9794 (نوسینگەی کەرامەر ـ Carramar) یان 9646 6666 (نوسینگەی ئۆبن ـ Auburn) یان 2000 8778 (نوسینگەی لیڤەرپول ـ Liverpool).